# هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێت-دا

«خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی یوونس ڕەزایی»

ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

(٢ – ٢)

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، من چەند دەنگی بوونی دەق، هەروەکو کەسایەتی دان بە وشە و فرەلایەن دیتنی ئەو کەسایەتیە بە خەسڵەتی شیعری شێت دەزانم، چونکە کۆمەڵەی دەقەکانی شیعری شێت، بەگشتی خاوەنی مەوجوودیەتێکی زمانین و ئەو دەقانە وەک هەموو بوونەوەرە زمانییەکانی تر، خاوەنی چەشنە هەڵسوکەوتێکن، کە بەشێک لەنیزامی ئەو هەڵسوکەوتە دەکەوێتە دەرەوەی جەغزی ویست و داخوازی و ئاگاداربیەکانی داهێنەرەکەی.

(٧)

**«من هەروا لەچاوتا- من هەروا»**
**سەرسوورمانی حەقیقەت و دارژانی بزە (١)**
**دادەرژێ سەرسوڕمان وەک بزە (٢)**
**دەبارم وەک ترس لە لەشتا (٣)**
**لەچاوتا من نم نم (٤)**
**وەک سەرسوڕمانی خۆم (٥)**
**ئەوکاتەی دەستی تۆ (٦)**
**ئارامی ئوقیانووس بۆ سەرم (٧)**
**ئوقیانووسی ئارامی لەشت وەک داڵدەی سەرسوڕمان (٨)**
**دادەرژێ بۆ دوورگەی باوەشم (٩)**
**سەرسوڕمانی حەقیقەت و دارژانی مەرگ (١٠)**
**وەک دوورگەی حەقیقەت لێوڕێژی مەرگم من (١١)**
**تەنیا هەرژانی بزەتە ئاماژەی سەرسوڕمان بۆ دڵم(١٢)**
**لە دوورگەی بزەت دا، تەنیایی لێوڕێژە لە من و (١٣)**
**من هەروا لەچاوتا کە بارین (١٤)**
**لە لەشتا (١٥)**
**کە مردن (١٦)**
**من هەروا (١٧)**